# دەسەڵات و هاووڵاتی
# دوو دیوی یەک دراون، نەک دوو دۆڵی جیاواز



**زاگرۆس ئەحمەد کەمال**

ماوەیەکی کەم نییە هەوڵ دەدرێت بەهۆی بە کارهێنانی دەستەواژەی دەسەڵات، جۆرە بۆشاییەک لە نێوان دامودەستگاکانی حکومەت و هاووڵاتییان دروست بێت، کە بێگومان ئەوەش مەرامێکی سیاسیی لەپشتە و ئەگەر بە وردتر لێکی بدەیتەوە تەنها بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتە، واتە ئەم هەوڵە پتر خۆی لەپێناو وەرگرتنی دەسەڵات دەبینێتەوە نەوەک دەستنیشانکردنی کەم و کورتییەکان و هەوڵی جیدی بۆ چارەسەرکردنیان.

پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگا سیاسی و ئیداری و قەزاییەکان، زادەی راپەڕینێکی شکۆداری گەلێکی خاوەن دەیان ساڵ قوربانی و سەروەری و تێکۆشانە و هەر لەوساوە لە رێگەی سندوقەکانی دەنگداندا هەر هێزە و بڕ و توانای خۆی بۆ روون بۆوە.

ئەگەرچی ئەو ئەزموونەی گەلی کوردستان هاوشێوەی گەلێ ئەزموونی دیکە بە هەورازی و سەختی و تەنانەت رۆژانی رەشیش تێپەڕی، بەڵام گرنگ ئەوەیە توانرا لەو کێشەمە کێشانە رزگارمان بێت و سەر پێ بکەوین،

دوا بەدوای پرۆسەی ئازادی و بنیاتنان و دامەزراندنەوەی عێراقی نوێش لەسەر بنەمای دیموکراتی فیدراڵی فرەییدا هەرێمی کوردستان وەک دیفاکتۆیەک خۆی سەپاند و هێز و لایەنە سیاسییەکانی عیراقێش ناچار بوون رێز لە ئیرادە و خواستەکانی گەلی کوردستان بگرن و لەدەستووردا دان بەهەرێمی کوردستان و ئەو فیدراڵییەتە دابنێن کە لەسایەیدا رۆژ بە رۆژ هەوڵی پتەوکردن و چەسپاندنی دیموکراسیی و گەشەکردن و پێشخستنی ئەزموونەکەی دەدرێت.

دەستەواژەی دەسەڵات ئەگەرچی لەهەندێ نوسراوو بڵاوکراوەدا بۆ بچوکردنەوە یاخود کەم سەیرکردنی هەوڵ و تەقەلاکانی حکومەتی هەرێم دەدرێت، بەڵام پێ دەچێت ئەوەیان لەبیرچووبێت یا خۆی لێ لابدەن بەوەی دەسەڵاتی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدان و بەهەڵبژاردنی راستەوخۆی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان هاتۆتە کایە و ئەوانەی دەسەڵاتیان پێ دراوە هەر ئەو کەسانەن کەمتمانەی زۆرینەی خەڵکی کوردستانیان وەدەست هێناوەو کە ئەمڕۆ لەدەسەڵاتیش دان، وەک هەمیشە خۆیان بە پێشمەرگەیەکی کۆڵنەدەر و تاکێکی ئەو هەرێمە زانیوەو خۆیان لەخەڵکی بەدوور نەگرتووە، بۆیە ناکرێ لەهەوڵ و توانای دەسەڵاتێک کەم بکرێتەوە کە بەدەنگی راستەوخۆی زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەسەڵاتی وەرگرتوەو دەبێ رێز لەئیرادەی زۆرینە بگیرێ وەک چۆن براوەکانیش هەمیشە خۆیان بەنوێنەری ئەو کەسانەش دەزانن کە دەنگیان پێ نادەن و رێز لەئیرادەیان و گوێ لەداواکارییەکانیان دەگیرێ.

ئەوەشمان لەیاد نەچێت ئەزموونی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان بێ کەموکورتی نییە و پێویستی زۆری بەهەوڵ و توانای هەموو لایەکمان هەیە چ لەدەستنیشان کردنی کەموکورتییەکان یاخود ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندارەکان بۆ چاککردنی و داواکردنی چەند جارە بۆ نەمانی ئەو کێشە و گرفتانە و لەهەمووشی گرنگتر دوای چارەسەرکردنی گرفتەکان، روونکردنەوەی پێویست بۆ رای گشتی بدرێ، چونکە ئەو ئەزموونەی کە ئەمڕۆ مایەی شانازیمانە هی هەموو تاکێکی ئەم گەلەیە بەهەموو بیروبۆچوون و ئایین و رەنگ و ئایدیایەک، ئەمرۆش لەئاستێک دایە کە گەڕانەوەی بۆ دواوە نییە، بەڵام با هەموو تواناکانمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی بەگوڕوتینەوە بەرەو پێشەوەی ببەین، چونکە دەسەڵات و هاووڵاتی لەهەرێمی کوردستان دوو دیوی یەک دراون، نەک دوو دۆڵی جیاواز.

# بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان قوتابخانەیەکی ئەڵمانی دەکرێتەوە



ئا: هێمن محەمەد
فۆتۆ: فازڵ فەرامۆش

**بۆیەکەم جار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقدا قوتابخانەیەکی ئەڵمانی لە هەولێری پایتەخت دەکرێتەوە، تەواوی وانەکانی لەسەر سیستەمی ئەڵمانی دەبێ و لەلایەن مامۆستایانی کوردی و ئەڵمانی وانەکانی دەوترێتەوە، لەمبارەیەوە (یۆرگن ئەندر) بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە بە هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند:** کۆمەڵەی قوتابخانەی ئەڵمانی هەولێر ماوەی سێ ساڵە لە کوردستان هەیە لە پێناو خزمەتکردن بە منداڵانی کورد، بڕیارماندا قوتابخانەیەکی ئەڵمانی بەناوی (قوتابخانەی ئەڵمانی هەولێر) لە پایتەخت بکەینەوە ساڵانە بەپێی توانا ژمارەیەک لە قوتابییان وەربگرین لەسەر سیستەمی ئەڵمانی درێژە بەخوێندن بدەین بۆ ئەمساڵەی خوێندنیش لەبەرنامەماندایە نزیکەی (١٥٠) منداڵ وەربگرین تا ئێستا داواکاری (٥٠) خانەوادە پێشکەش بە قوتابخانەکەمان کراوە بەمەبەستی وەرگرتنیان، ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە قوتابییە وەرگیراوەکان پۆلێن دەکەین بەسەردوو کۆمەڵەدا بەگوێرەی تەمەنیان ئەو منداڵانەی زمانی ئەڵمانی نازانن کۆرسی زمانی ئەڵمانییان بۆ دەکەینەوە تا خوێندن لەلایەنەوە ئاسان بێت، لەوەش دڵنیان منداڵان بە ئاسانترین شێوە فێرە زمان دەبن

**بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەڵمانی هەولێر گوتیشی:** هاوشێوەی ئەم قوتابخانەیە کە بڕیارە لە مانگی (٩) دا بکرێتەوە لە هەولێر لە (١٤٠) وڵاتی دیکەش هەیە لە کیشوەری ئەمەریکای باشورو ئەفریقیادا لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی ئەڵمانی چاودێری دەکرێن و ڕێنمای وەردەگرن بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەی ئەو وڵاتەدا لە هەرێمی کوردستانیش وەزارەتی پەروەردە هاوکاری و پاڵپشتی کارەکانمانەو باڵەخانەی بۆ دابینکردوین، ئێمەش باڵەخانەکەمان نۆژەنکردۆتەوە لە ئەڵمانیاشەوە هەندێ لەکەلوپەلەکانمان بۆ ڕەوانە دەکرێ بۆ ئەمساڵەی خوێندنیش لە ئامادە باشی داین و دەتوانین بەباشترین شێوە خزمەت بەمنداڵانی کورد بکەین.

**سەبارەت بە سیستەمی خوێندنی ئەڵمانی یۆرگن ئەندەر ڕوونیکردوە** کەوا سیستەمی خوێندن لە وڵاتی ئەڵمان بە زۆر نییە، بەڵکو لەسەر ڕاهێنان و خۆشەویستییە، ئەڵمانیا کار ئاسانی دەکات بۆ منداڵان پێداویستییەکانی خوێندیان بۆ فەراهەم دەکات هەوڵدەدات خوێندن لەلایان شیرین بکات، بۆ ئەوەی حەزو ئارەزووی منداڵان بۆ خوێندن دروست بێت، نەوەک لە خوێندن بترسێ. ئەو وانانەی کە لەبەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکانماندا هەیە بریتین لە:

(کوردی، ئایین، ئینگلیزی، بیرکاری، زانست، هونەر، مۆسیقا، وەرزش، عەرەبی، کۆمەلایەتی، مافی مرۆڤ)ە بەپێی قۆناغەکانی خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە تا کۆتایی خوێندنیش دەرچووانی قوتابخانەکەمان فێری چوار زوبان دەبن وێڕای کوردی و ئەلمانی دەتوانن بەزبانی ئینگلیزی و عەرەبیش قسە بکەن و لەچەندین ولاتیش دەتوانن لە پەیمانگاو کۆلێژەکان وەربگیرێن بەپێی ڕێژەی ئەو نمرانەی بەدەستیان هێناوە.

**سەبارەت بەکاتی دەوامی قوتابخانەی ئەلمانی هەولێر ناوبراو دەڵێ:** لەهەشتی بەیانی تا کاتژمێر دوانزەونیو دەوامەو ئەو مندالانەی کە دایک و باوکیان فەرمانبەرە مندالەکانیان لە قوتابخانەکەمان دەمێنەوە تا کاتژمێر (٣) خواردن و پێداویستییەکانیان بۆ دەکرێ بەجوانترین شێوەو شوێنی گونجاو لەباریشیان بۆتەرخان دەکرێ، ئەو پارەی لەبەرامبەر سالانەی خوێندنیش وەردەگرین بڕی (٢١٠٠) دۆلار بەشێوەی پشک (قست) بۆ ئەوەی زۆری پارەکە نەبێتە بارگرانی بەسەر خانەوادەو کەسوکاری قوتابییەکە. **هەروەها سەبارەت بەبیرۆکەی کردنەوەی ئەم قوتابخانەیە لە هەرێمی کوردستان (میدیا سام ئاغا) دەستەی دامەزرێنەری ئەم قوتابخانە بۆ هەرێمی کوردستان گوتی:** ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی کوردستان لە ولاتانی ئەلمان ژیاون و ئێستا گەڕاونەتەوە، کێشەی خوێندیان بۆ دروستبووە، خەڵکی دیکەش کە لە ولاتانی دیکەی ئەوروپا گەڕاونەتەوە هەمان کێشەیان هاتۆتە پێش، ئێمەش بۆ کارئاسانی ئەوان و گرنگیدان بەفێربوونی زمانی ئەلمانی، هەستاین بەکردنەوەی ئەم قوتابخانەیە، باوەڕشیمان وایە سوودی زۆرمان دەبێ لە پتەوکردنی دۆستایەتی کوردی و ئەلمانی، **سەبارەت بەنرخی دیاریکراوی خوێندن مامۆستا میدیا سام ئاغا گوتی:** ئەوبڕە پارەی کە وەری دەگرین لە قوتابخانەو پێداویستییەکانی خەرج دەکەین، چونکە ئەم قوتابخانەیە پێویستی بە نۆژەنکردنەوە و دابینکردنی زۆرێک لەپێداویستییەکانی هەیە، وێڕای ئەوەی ئێمە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری پێشکەش بە قوتابییان دەکەین و مامۆستا لە ئەلمانیاوە بۆ قوتابخانەکەمان دەهێنن، سوپاسی زۆری حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پەروەردەو کونسولگەری ئەلمانیا دەکەین کە هاوکاری و پالپشتی قوتابخانەکەمان دەکەن.

## هەق و ڕەق

# کێ لە بوونی بڕوانامەی ساختە لە هەرێمدا بەرپرسیارە؟!



**عەزیز هەریری**

لەم چەند سالەی دواییدا چەند جارێک لەسەر ئاستی پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ بەردەوام باس لەوەکراوە ، کەخەڵکانێکی زۆر لەوانەی لەپلەو پۆستی بالادان هەڵگری بڕوانامەی ساختەن ، واتە ئەوانە بەشێوەیەکی ئاسایی قۆناغەکانی خوێندنیان تەواو نەکردووە، بەڵکو بەشێوەیەکی نامەشروع ئەو بڕوانامانەیان دەستەبەرکردوون و بەهۆیەوە بەو پلەو پۆستانە گەیشتوون کە تیاییدان ·

لەسەروبەندی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوانیش بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکانی ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق بەشێکی زۆر لەکەناڵەکانی راگەیاندن ماوەیەک بەچڕی باسیان لەوەدەکرد ، کەژمارەیەک لەو پاڵێوراوانەی لەلایەن قەوارە سیاسییەکانەوە دەستنیشانکرابوون بڕوانامەکانیان ساختەبووەو لەلایەن ژمارەیەک لەبەرپرسانی کۆمسیۆنی بالایشەوە چەند جارێک لەدیدارەکانیاندا ئاماژەی بۆ کراوە، تەنانەت زۆرجار لەڕاگەیاندنەکانی دەزگای (نەزاهە) یشەوە باس لەوەکراوە،کەژمارەیەکی زۆر لەکارمەندانی داوودەزگاکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەڵگری بڕوانامەی ساختەن ·

لەڕاستیدا ئەوەی بووە هەوێنی نووسینی ئەم ئەلقەیەی گۆشەکەم ناوەڕۆکی ئەو دیدارەیە ، کەبرای هاوکارم (دانا وەهبی) بۆ ڕۆژنامەی (هەولێر) ی ئازیز ئامادەیکردووەو ، لەلاپەڕە (٧) ی ژمارە ( ٨١٥ ) ی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ( ١ / ٧ / ٢٠١٠ ) دا، بەمانشێتێکی گەورەو بەناونیشانی (هێشتا پەنابردن بۆ بڕوانامەی ساختە لەهەرێمدا بوونی هەیە ) بلاوکراوەتەوە ، ئینجا هەر لەو دیدارەدا ڕۆژنامەکە بەگوتەی (شارەزایەکی بواری بڕوانامەکان) ئەوەی خستۆتەڕوو ، کە (بەزۆری بڕوانامە لەبازاڕی ڕەشدا دەفرۆشرێن، یاخود لەلایەن بەڕێوەبەرانی هەندێک لەقوتابخانەکانەوە لەبەرانبەر بڕێک پارەدا ساختە دەکرێن) ، لەناوەڕاستی ستوونی سێیەمی دیدارەکەدا بەڕێزخاتوو (ئاوات بەرزنجی) ڕاوێژکارو شارەزا لەبڕوانامەکاندا دەڵێت: (تائێستا هیچ فەرمانبەرێک لەسەر مەسەلەی تەزویری بڕوانامە نەدراوەتە دادگە) ، ئەمە لەکاتێکدایە کەیاسا سنووری بۆ بنەبڕکردنی ئەم جۆرە ساختەکاریانە داناوە، کەچی دیارە بێدەنگی لێکراوە ، کەواتە دەبێ بڵێین کێ لەبوونی بڕوانامەی ساختە لەهەرێمدا بەرپرسە ؟!

بەندە لەو سالانەی کە لەوەزیفەدابووم ، هەستم بەوەکرد کە ژمارەیەک لەو بەڕێزانەی لەپلە تایبەتەکاندا دامەزرابوون ، دیارە بەهۆی ئەوەی پلەکانیان تایبەت بوو داوای بڕوانەمەیان لێنەکرابوو، تەنانەت زۆرێک لەو بەڕێزانە کەخانەنشینیش کران هیچ بڕوانامەیەکیان لەنێو دۆسییەکانیاندا نەبوو ، هەر لەوسالانەدا زێتر لە (شەش ) فەرمانبەر لەوانەی گومان لەبڕوانامەکانیان دەکرا دوای ئەوەی بڕوانامەکانیان بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر نێردرا ، دەرچوو بڕوانامەکانیان ساختەبوون، بەلام وەک خاتوو (ئاوات) ئاماژەی بۆ کردووە بەداخەوە ئەو خاوەن بڕوانامە ساختانە نەدرانە دادگا ·

جا لێرەدا پێشنیازی ئەوە دەکەم ، کەسەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەرچی زووە ( لیژنەیەکی بالا بەسەرۆکایەتیی وەزارەتی پەروەردەو ، ئەندامێتیی سەرجەم وەزارەت و داوودەزگا پەیوەندداەکان پێکبهێنێ) بۆ ئەوەی هەموان بەیەکەوە کارێکی وابکەن ئەم دیاردە ناشارستانییە لەداوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا نەهێڵن و بنەبڕی بکەن.

# لە سلێمانی . . .
# بەشێوەیەکی نارێک شۆستەکان داگیرکراون



هاوتەریب لەگەڵ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە شاری سلێمانی ئەنجامدراون، بەڵام زۆر بەداخەوە لەناو بازاڕی شاری سلێمانی و لەناو جەرگەی بازاڕدا بەشەو و بە رۆژیش زۆر دیاردەی نامۆ و ناشارستانی دەبینی کە مرۆڤ بەزەیی بەخۆیدا دێتەوە کە لە سەدەی بیست و یەک لەسەردەمی جیهانگیریدا و لەشارێکی وەکو سلێمانی و لەناو جەرگەی بازاڕەکەیدا دیمەنی زۆر ناشیرین و نامۆ دەبینی و هیچ کەسێکیش نییە سنوورێک بۆ ئەمە دابنێ، ئێمە وەکو ئەرکی رۆژنامەوانی خۆمان و بەمەبەستی ئەوەی چارەسەرێک دابنرێت بۆیان لێرەوە کۆمەڵێک دیاردە و وێنە راستەوخۆ دەخەینە پێش چاوی سەرۆکی حکومەت و پارێزگاری سلێمانی و قائمقامی ناوەندی سلێمانی.

راپۆرت: ئاوات مەحمود سەعید-سلێمانی



**لەبەردەمی مزگەوتی گەورە چی دەگوزەرێت؟!**

وەکو دەگێڕنەوە بۆمان سالانی زوو بەهۆی ئەوەی کە لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی گۆڕی (کاکە ئەحمەدی شێخ) ی لێیە و بەهۆی پیرۆزی ئەم زاتەوە لە ئێران و هیندستان و پاکستان و تورکیا و سعودیەوە خەڵک دەهاتن بۆ زیارەتی (کاکە ئەحمەد) لە مزگەوتی گەورەی سلێمانی و لەو وڵاتانەدا ناوی مزگەوتی گەورە زانراوە و ناسراوە تاکو ئێستاش، واتە دەتوانین بڵێین مزگەوتی گەورەی سلێمانی لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە و ناو و ناوبانگی هەیە و ئێستاش لە هەموو عێراق و ناوچەکەوە سەردانی دەکرێت و ئەوەی سەردانی سلێمانی بکات ئەوا بێ شک دەبێت سەردانی مزگەوتی گەورە بکەن، ئەمە جگە لەوەی کە لەناوجەرگەی شار و بازاڕ دایە، کەچی ئێستاکە بەردەمی مزگەوتی گەورە بۆتە جێگایەک کە مرۆڤ حەزناکات لە دوریشەوە بیبینێ بەهۆی ئەوەی کە لەسەر شۆستە و شەقامەکەش بەسەدان عەرەبانە و مێزی دیمەن ناشیرینی لێ دەوەستێت و دنیایەک پیس و پۆخڵیان دروستکردووە و چوار ریز سەیارە و بەتایبەتی تەکسی دەوەستێت و عەرەبانەکان تەنانەت بەهۆی چەتری گەورەوە ئاسمانەکەشیان بەشێوەی زەوییەکەی داگیرکردووە کە مرۆڤ کاتێک دەچێتە بەردەمی مزگەوتی گەورەی سلێمانی نەک هەست ناکات لەشاردایە، بەڵکو وا دەزانیت کۆڕەوەکەی (١٩٩١) ەو لەسەر سنوور و لە باشماخ و کوێرە دێیەکیت.

**شۆستەکان بۆچی بەکاردێن؟!**

لە هەموو دنیادا و لەهەموو شارێکدا کاتێک شۆستە دروست دەکرێت بۆ ئەوەیە کە دانیشتوانی ئەو شارە بەپیادە پیایدا بڕوات و شەقامەکانیش بۆ سەیارەیە، بەڵام خوێنەری ئازیز وەکو لەم وێنانەدا بەچاوی خۆتان دەبینن تەواو پێچەوانەیە و شۆستەکانن بۆ ئەوەیە عەرەبانە لەسەری بوەستێت و شتی لەسەر بفرۆشرێ و ببێتە گەراج و سەیارە و ماتۆڕ و عەرەبانە و پایسکیل لەسەری بوەستێت؟! کەسێکیش نییە بڵێت بۆ وا دەکەن!! شۆستە هەیە دوو هێندەی شەقامەکە پانە، کە بۆ ئەوە دروستکراوە خەڵک و هاووڵاتی بەسەریدا بڕوات، بەڵام هەروەکو لەم وێنانەدا دەردەکەوێت بەهۆی عەرەبانە و وەستانی سەیارە و ماتۆڕ لەسەر شۆستەکان ماوە نەماوە تەنانەت یەک هاووڵاتی بەسەریدا بڕوات و ناچار دەبێت هاووڵاتی و پیاوێکی بەتەمەن و ژنێکی کەم ئەندام منداڵێکی قوتابی بچن بەسەر شەقامەکاندا بڕۆن و کە بەم هۆیەشەوە سەیارە لە چەندین هاووڵاتی داوە و بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی چەندین هاووڵاتی و سەقەتکردنی دەیەهای دیکە کە ئۆباڵەکەشی بۆ ئەو عەرەبانچی و خاوەن ماتۆڕ و سەیارانە دەگەڕێتەوە کە سەر شۆستەکانیان داگیرکردووە و بوونەتە هۆکاری خەم و ئازارێکی گەورە بۆ دانیشتوانی سلێمانی و ئۆباڵی هەموو ئەم کارەساتانەش بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی پارێزگا و قائمقامی ناوەند و شارەوانی سلێمانی و هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشدایە کە سزای توندی سەرپێچیکاران نادەن.

**کتێب و رۆژنامە فرۆشەکانی سلێمانی:**

ئەوانیش بەشێک لە شۆستەکانیان داگیرکردووە، هیوادارین کە هەرچی زووە بەرپرسان کۆشکیان بۆ دروست بکەن بەهەمان شێوەی شاری هەولێری پایتەخت.





## لە شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان

# مەزاری (رەبەن بیا) لە شەقڵاوە

**جەلال جرجیس شێر - شەقڵاوە**

چیای سەفین هەروەک چیایەکانی دیکەی کوردستان پیاو چاک و مەزارگە و دێر و شوێنەواری رەبەنەکانی زۆری تێدایە لەوانە:

١- مەزاری رەبەن بیا.
٢- مارِ ترۆنیس
٣- مارِ گۆرگیس
٤- مار یوسف
٥- مارت شمۆنی
٦- مار عبدیشوع لەحوداوە
٧- قەشە (شەمعون شەقلەبەندی) لە هەندێ سەرچاوە بەدامەزرێنەری شەقڵاوە دادەنرێ گۆڕەکەی لە بناری سەفین دایە.

(رەبەن بیا) لە بنەڕەتدا ناوی (رەبەن بێری) یە، یەکەمین رەبەن بوو کە لە چیای سەفین ژیاوە لەگەڵ چەند رەبەنێک، دێرێک دامەزراندوە و بەناوی کراوە، مێژووی ئەم دێرە دەگەڕێتەوە بۆ نێوان سەدەی سێیەم و چوارەمی زایینی کە لە پەرتووکێکی مێژوویی بەناوبانگ بەناوی (شهداء المشرق) ئاماژەی پێکردووە و بەکورتی باسی (رەبەن بیا) دەکا و دەڵێ برادەرێکی هاوچەرخی هەبوو لەوبەری لە ئەشکەوتێکدا لە رۆخی دۆڵێک لە چیای سەفین دەژیا و ناوی (عبد یشوع) بوو، ئەم رەبەنە سەردانی (رەبەن بیا)ی دەکرد بەمەبەستی وانە وتنەوە و فێرکردنی پەیڕەوی ئایینی مەسیحی و خوێندنی ئینجیلی پیرۆز بۆ رەبەنەکان، هەر لەو کتێبەدا باس دەکات کە مەرزەبان (قەرەداغ) حاکمی ناوچەی (ئەربائیلۆ) واتا هەولێر و دەوروبەری بوو و سەر بە شا (شاپووری دووەم) بوو زۆر متمانەی پێدەکرد، لەسەر دەستی ئەم دوو رەبەنە بوو بە مەسیحی و وازی لە ئاگر پەرستی هێنا، چیرۆکەکەی دوورودرێژ و کاتی دەوێ، لەدوای بوونی بە مەسیحی شا (شاپووری دووەم) ئەمری کوشتنی دەرکرد بە رەجم کردن بە بەرد و لە ساڵی (٣٥٨) ز شەهید کرا.

مەزارگەی (رەبەن بیا) لە ئەشکەوتێک دایە، ئەو ئەشکەوتەش کەوتۆتە ناوەڕاستی چیای سەفین لە رۆخی گەلییەک لەناو قەدە شاخێکی سەخت و بڵند دروست کراوە، بۆ زانیاری زیاتر کاتێ کەبەسەر دەکەوی لەلای خوارەوە بەچاو نابیندرێت تەنها دوای کە بەسەر دەکەوێ بەرێگا پێچاوپێچ لە نێوان بەردە زەبەلاحەکان لەلای سەرەوەی ئەشکەوتی کۆتران و دار گوێزە کۆنەکە لە هیکرا ئەشکەوتەکە و دیوارەکەی بۆت دەردەکەون، بەڕاستی دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە بەرووەکە

سروشتییەکان لەگەڵ نەغمەی دەنگی باڵندەکان بەتایبەتی لە وەرزی بەهاران کاتێ کە گەیشتییە ئەوێ چاوت بە بیرێک دەکەوێ لە شێوەی بازنەیی دروستکراوە و هەڵکەندراوە و قوڵاییەکەی (٥) مەتر و تیرەکەی (٢) مەترە، لەوەرزی زستان بە ئاوی بەفر و باران پڕ دەبێتەوە، لەکاتی خۆیدا رێگاکەی زۆر سەخت و ناخۆش بوو خەڵک بە سواری وڵاغ بەسەردەکەوتن تاکو بیرەکە، و لەوەش ناخۆشتر بەسەرکەوتن بۆ ئەشکەوتەکە زۆر بە زەحمەت و ئاڵۆز بوو و شوێنی پێ دانان لە رۆخ شاخەکە هەڵکەندرا بوون، تەنها رێگای یەک کەس زیاتر نەبوو بۆ بەسەرکەوتن لەبەر تەسکی شوێنەکە، بەڵام ئێستاکە رێگا خۆشکراوە و ئاسانکاری کراوە بۆ بەسەرکەوتن وەختێ بەسەر دەکەوی بو مەزارەکە دیوارە گەورەکەی لای پێشەوەی ئەشکەوتەکە زۆر بەجوانی بەدەردەکەوێ کە بەبەرد و قسڵ و گێچ دروستکراوە، کە دەچیتە ژوورەوەی ئەشکەوتەکە ناوەوەی زۆر رووناکە، چونکە لای پێشەوەی سەری دیوارەکە کراوەتەوەو لەوێ دەتوانی سەیری هەموو گەرییەکە بکەی بە هەموو درێژاییەکەی لەدوایی راستەوخۆ چاوت بە گاشە بەردێکی گەورە و لێژ و لووس دەکەوی لەلای چەپی پشتی دەرگا کراوەکە کە درێژی (٣/٨٥) مەتر و پانایییەکەی (١/٢٥) مەترە، خواستکاران سێ جار بەسەر ئەو بەردە خۆیان سەر بەرەو ژێری شۆڕ دەکەنەوە بۆ لای خوارەوە بەمەبەستی مراز حاسڵ بوون بەتایبەتی ئەوانەی نەزۆکن، بەڵگەی زۆریش هەیە لەمبارەیەوە و گەیشتوونەتە ئامانج، ئەشکەوتەکە چەند ژوورێکی تیا بوو، هەندێکیان هەڵکەندراون و هەندێ دیکەش ناوبڕ کرا بوون بۆ جۆڵا و تەندوور و نووستن و خواردن، و لە ژوورەوەی ئەشکەوتەکە بەلای سەرەوە شاخێک شەق کراوە و لایەکی دیکەش هەڵکەندراوە کە ناوەوەی زۆر تاریکە بۆ ناشتنی تەرمی رەبەنەکان بەکاریان هێناوە.

لەو ژوورە تاریکە لە ساڵی ١٩٥٨ز مجێور (تۆما حەنا) خەڵکی شەقڵاوەیەو ناسراوە بە تۆما پاتری پارچە قوماشێکی لە خام دۆزییەوە وێنەی خاچێکی بچووکی لەسەری نەخش کرا بوو، تاکو ئێستاش ماوە و پێشانی ئەندازیارێکی (کەنەدی) یان دا گوتبووی مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠) ساڵ پێش ئێستا.

گۆڕی (رەبەن بیا) کەوتۆتە بەشی سەرووی ناوەڕاستی ئەشکەوتەکە و لە ژوورێکی بچووکدایە، خەڵک مۆم لەسەر گۆڕەکەی دادەگرسێنن، بەڵام ئێستاکە ئەم ژوورانە نەماون و ناوبڕەکان هەڵگیراون تەنها شوێنی پەنجەیان دیارە.

ژیانی (رەبەن بیا) و دروستکردنی دێرەکەی و دەیانی دیکە بەهەمان شێوە لە کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:

هۆی یەکەم/ بۆ عیبادەت و زکری خودا و دوورکەوتنەوە لە ژیانی ئاوەدانی و نزیک بوونەوە لە خودا.

هۆی دووەم/ ترس و تۆقاندن و نەبوونی هێمن و ئارامی بەتایبەتی لەسەدەی چوارەمی زایینی لەسەردەمی پاشای ساسانی زاڵم (شاپووری دووەم) کە زۆر ئازاری مەسیحییەکانی دەدا بە هەزاران کەس لە مەسیحییەکانی بە کوشتندا کە سەروەریان شەهید پەتریک (شەمعون برصباعی) بوو کە سەریان بە شمشێر پەڕاند و سەری دانەواند بۆ داواکارییان کە ئاگرپەرستی بوو، لەبەر هەندێ پەرت و بڵاوبوونەوە و بەشێک لەوان روویانکردە چیایەکانی کوردستان لەوێ حەوانەوە و دەستیان کرد بە دروستکردنی دێر لەناو قەدی شاخەبەرز و سەختەکان هەروەک هێلانەی هەڵۆ دوور لە مەترسییەکان، چیای سەفین یەکێک بوو لە چیایەکانی کوردستان کە باوەشی کردبووەوە بۆ حەوانەوەی رەبەنەکان.

بەگوێرەی ئەم هەواڵەش لە سەروبەندی چەرخی پێنجەم لە نووسراوە دێرینەکان هاتووە کە (رەبەن بیا) ئەشکەوتی بەجێ نەهێشتووە بۆ ماوەی (٦٨) ساڵ، لە تەمەنی (٩٠) ساڵیدا لە خەڵوەتەکەی دەرچووە بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لە گوند و شار و شارۆچکەکان.

یادی بیرەوەری ئەم رەبەنە هەموو ساڵێک کە بۆی دەکرێ لە رێکەوتی جومعەی دووەمی دوای جەژنی هەڵسانەوەی حەزرەتی (عیسا) (د.خ)، بە هەزاران کەس لە مەسیحی و موسڵمان لە کوردستان و عێراق رووی تێدەکەن و زیارەتی مەرقەدی دەکەن بەمەبەستی مراز حاسڵ بوون بەتایبەتی ئەوانەی منداڵیان نابێت کە بەڵگەی زۆری لەسەرە.

لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسەکان دەکەم بە نۆژەنکردن و قیرتاوکردنی سێ بەشی رێگا و دابینکردنی پرۆژەی ئاوی خواردنەوە بۆ گەشتیاران لەم نزارگا پیرۆزە.

## لێرەوە دەیڵێم



# پاش سێ مانگی دیکە

**ئازاد هەینی**

ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو خوێندکاران و قوتابیان هەزاران گلەیی و گازاندەیان هەبوو، پاش دەرچوونی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە، هەم لە قوتابخانە بنەڕەتیی و ئامادەییەکان،هەم لە کۆلیژەکان، قوتابیەکی گەڕەکەکەی خۆمانم بینی، لە پۆلی هەشت سەرکەوت بۆ پۆلی نۆ، زۆر دڵی خۆشبوو، کەچی بەداخەوە لەناکاو پێیان راگەیاندن، کە تۆ لە پۆلی حەوت سەرکەوتوو نەبووی، بە هەڵە ئەمساڵ لە پۆلی هەشت دەوامت دەکرد، کوڕی دراوسێیەکمان لە کۆلیژ دەخوێنێ، گوتی: دەزانی حیکمەت لە چیدایە کە زۆربەی خوێندکاران، بەتایبەتی کوڕەکان بۆ دەوری دووەم ماون، گوتم بێشکە چەندین ساڵە درکم بەوە کردووە، بۆ هەر چاودێریەک لە هۆڵەکانی تاقیکردنەوە رۆژانەیان بە پارە بۆ هەژمار دەکرێ بۆ هەر دەفتەرێکی ئەزموون دیسان پارەیان بۆ حساب دەکرێ، بۆ هەر وردکارییەکی دەفتەرەکانیش بەهەمان شێوە، پارە وەردەگرن، بۆیە زۆربەی خوێندکاران بۆ دەوری دووەم دەهێڵنەوە، دایکی (حەمە)ش پێی گوتم ئەی حیکمەت لە چیدایە دکتۆرە ئاوارە عەرەبەکان، سێ مانگ پێشتر ناوی نەخۆش دەنووسن، تا کاکی دکتۆر فەحسیان بکات، نەخۆشێک سێ مانگ بە تەنگەنەفەسی و زەغت و شەکرە بمێنێتەوە، ئاخر ئەمە بۆ نەخۆشە؟ ئەمەیان نهێنیەکی زۆر سەیرە لە قوتابیەکەی بنەڕەتی و خوێندکارەکەی کۆلیژ سەیرترە، کاکی دکتۆری عەرەب هونەرێکی زۆر هونەری هێناوەتە هەرێم و بەکاریدەهێنێ، ئەو رۆژە هیچ موراجعی نەبوو کاکی سکرتێری دکتۆرەکە، پێی دەگوتم سێ مانگی دیکە وەرەوە ئینجا سەیری نەخۆشەکەت دەکات، کەسیشی لانەمابوو، بۆم دەرکەوت ئەمە هونەرێکی یەکجار سەیرە بۆ هەڵخەڵەتاندنی نەخۆشەکانی ئێمەمانانە هاتۆتە بەرهەم!!



**بورهان ئەرگوشی بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی:**

# مامۆستامان زۆرن، بەڵام بەباشی دابەش نەکراون

**بورهان ئەرگوشی بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە وەزارەتی پەروەردە پێشنیار دەکات کە سەرپەرشتیاران زیاتر بایەخ بەخۆپێگەیاندنی خودی بدەن و زیاتر بخوێننەوە لەبواری کارەکەیاندا و بەدوای سەرچاوەی نوێدا بگەڕێن، هەروەها دەڵێت پێوەرەکانی دانانی سەرپەرشتیاران لەم قۆناغەدا پێشکەوتوون و لەگەڵ ستاندەردە جیهانییەکان یەک دەگرنەوە.**

**ئا/ سەباح شێخانی**

*** چۆن دەتوانن سەرپەرشتیاران پێش بخەن، زۆرجار رەخنە و گلەیی ئەوە دەکرێت کە سەرپەرشتیاران ئاستیان وەک پێویست نییە؟**

– هەموو تاکەکان لەهەر ئاستێک یان لەپیشەیەکدا بن بەردەوام پێویستییان بە خۆپێگەیاندن و بەرزکردنەوەی تواناکانیان هەیە، سەرپەرشتیارانیش لەم حاڵەتە بەدەرنین، کە باسی ئاستی نزمی سەرپەرشتیاران دەکرێت و جۆرە زێدەڕۆیی یەک هەیە، راستە هەندێکیان زیاتر پێویستییان بە پاڵپشتی هەیە، بەڵام

زۆریشیان بەتوانان و خاوەن شارەزایی و ئەزموونێکی دەوڵەمەندن، بۆ چارەسەری ئەم بابەتەش دوو ڕێگامان گرتۆتەبەر یەکێکیان ئەو سەرپەرشتیارانەی تازە دادەنرێن پێویستە کۆمەڵێک مەرج و پێوەریان تێدابێت و بە ژمارەیەک فلتەری بەهێزدا تێدەپەڕن تاوەکو پلەکە بەدەست دەهێنن، لەلایەکی دیکەشەوە بەرنامەی تایبەت لە خول و سەردان و ڕۆشنبیرکردن لە ڕێی بڵاوکراوەی لەبەر دەستمانن بۆ ئەو سەرپەرشتیارانەی لەبارودۆخە جیاوەزەکاندا پلەکەیان وەرگرتووە و ئێستا لە خزمەتدان.

*** بەشێوەیەکی گشتی کێشە و گرفتەکانی وەزارەتی پەروەردە چییە؟**

– گرفتی سەرەکی لە وەزارەت و پارێزگاکان سەبارەت بەکاری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بریتییە لە بابەتی سەربەخۆیی دەزگای سەرپەرشتیکردن، ئێمە بڕوامان وایە کاری سەرەکی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بریتییە لە هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و پێکهێنەرەکانی و بەشداریکردن لە پێشخستنی پرۆسەکە، هەر لایەنێک هەڵسەنگاندن بکات پێویستە سەربەخۆ بێت بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنەکە بابەتییانە بێت و بێلایەن بێت، بۆیە گرنگە دەزگای سەرپەرشتیکردن لە رووی کارگێڕی و داراییەوە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە جیا بکرێتەوە، بەڵام بەڕێزان بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان بۆچوونی جیاوازیان هەیە و پێیان وایە ئەم بابەتە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان.

*** بەپێی ئامار و داتا ڕێژەی سەرپەرشتیاران چەندە؟ ئایا ڕێژەکە کەمە یان زۆرە؟ بۆ؟**

– لەسەرتاسەری کوردستان بە هەردوو قۆناغی ئامادەیی و بنەڕەتی و بەهەموو پسپۆڕییە جیاوازەکانەوە ١٢٦٤ سەرپەرشتیاری پەروەردەیمان هەیە، پێویستمان بە (٤٠٣) سەرپەرشتیاری دیکە هەیە کە ئێستا سەرقاڵی دانانیانین و ژمارەیەک مامۆستا کێبڕکێ دەکەن بۆ دەستهێنانی ئەو پلانە، بەرنامەی سەرپەرشتیاران بریتییە لە سەردانیکردنی قوتابخانەکان و مامۆستایان لەکاتی وانە گوتنەوەدا لەڕێی سێ سەردانی ساڵانە (ڕێنماییکردن، بەدواداچوون، هەڵسەنگاندن) لە قۆناغی بنەڕەتی و دوو سەردانیش لە قۆناغی ئامادەیی (بەدواداچوونەکە لەم قۆناغە ئەنجام نادرێت) جگە لە چەند سەردانی دی وەک کاتی ئەزموونەکان و کۆبوونەوەو کۆڕ و سیمینار و بۆنە و چالاکییەکانی...هتد.

لەم سەردانانەدا سەرپەرشتیاران پاڵپشت و هاوکاری بەڕێوەبەر و مامۆستایان دەبن لە دەرپەڕاندنی توانا شاراوەکانیان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان و ئاڕاستەکردن و ڕێنماییان دەکەن و دواترین بڕیارەکانیان پێ ڕادەگەیەنن و هاوکاریان دەبن لە جێبەجێکردن و باشترکردنی خزمەتی پەروەردەیی.

*** ئەدی کەی کەمی میلاک و کەمی بینای قوتابخانە چارەسەر دەبێ؟**

– سەبارەت بەکەمی میلاک بەڕای ئێمە مامۆستامان زۆرن، بەڵام بەباشی دابەش نەکراون، چارەسەری ئەم کێشەیەش ئاسان



**پرۆفایل**

بورهان عەبدوڵڵا ئەرگوشی (لەدایکبووی ١٩٦٩)

* بەکالۆریۆس لە زانست/ بایلۆجی (١٩٩٢-١٩٩٣).

* بەکالۆریۆس لە زمان / ئینگلیزی (٢٠٠٦-٢٠٠٧).

* لە ١٩٩٩-٢٠٠٢ بەڕێوەبەری پەروەردەی مێرگەسۆر بووە.

* لە ٢٠٠٢-٢٠٠٧ یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بووە.

* لە ٢٠٠٧ تا ئێستاش بەڕێوەبەری گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەییە لە وەزارەتی پەروەردە.

نییە بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بارودۆخەی وڵاتەکەمان پێیدا تێپەڕیووە، بەڵام هەوڵی جیدی لەئارادان بۆ کەمکردنەوەی کێشەکە و ژمارەیەک پلەی دامەزرانیش لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەن بە ڕاگەیاندنیان بەشێکی کێشە چارەسەر دەبێت، سەبارەت بە بینایەی قوتابخانەکانیش بەرنامەی گەورە لە قۆناغی جێبەجێکردندان ٧٥ ملیار دینار لە بودجەی وەزارەت تەرخانکراوە بۆ ئەو بوارە و سەرەڕای ئەوەش بودجەیەکی زێدەکیش لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەمان مەبەست دانراوە کە ١٥٠ ملیار دینارە، ئەمەش هەڵمەتێکی گەورەیە و بەشێکی زۆری کێشەکە پێ چارەسەر دەبێت.

*** لە ئێستا و داهاتوودا بەپێی چ بەرنامە و پێوەرێک مامۆستا دەکەن بە سەرپەرشتیار؟**

– پێوەرەکانی دانانی سەرپەرشتیاران لەم قۆناغەدا پێشکەوتوون و لەگەڵ ستاندەردە جیهانییەکان یەک دەگرنەوە، بەڵام بەبەردەوامیش پێداچوونەوەیان بۆ دەکەین و هەوڵی پوختەکردن و پێشخستنیان دەدەین لە داهاتوودا، زیاتر جەخت لەسەر ئەنجامەکان دەکەینەوە، مەبەست ئەوەیە سوودمەندی سەرەکی لە پڕۆسەکە (قوتابی) چی فێردەبێت و چ گۆڕانکارییەک لە ڕەفتاریدا دروست دەبێت، لەسەرپەرشتی کردندا جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەینەوە.

*** بەرنامە و پلانتان بۆ داهاتوو چییە؟**

– بەرنامەی داهاتوومان بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە بەرزکردنەوەی توانای سەرپەرشتیاران لە هەوڵی دابینکردنی کورسی خوێندن لە ئاستە جیاوازەکاندا و کردنەوەی خولی بەهێزکردن لەلایەن شارەزایانی نێوخۆیی و نێو نەتەوەیی و هەروەها سەرقاڵی سازکردنی کۆنفرانسێکی تایبەتن بە بواری سەرپەرشتیکردن بەمەبەستی زیاتر کاراکردنی سەرپەرشتیاران.

*** پەیام و تێبینی و پێشنیارت بۆ سەرپەرشتیاران چییە؟**

– پێشنیارمان بۆ بەڕێزان سەرپەرشتیاران ئەوەیە کە زیاتر بایەخ بە خۆ پێگەیاندنی خودی بکەن و زیاتر بخوێننەوە لەبواری کارەکەیاندا و بەدوای سەرچاوەی نوێدا بگەڕێن تاوەکو سەردەری لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی سەردەمدا بکەن و سوودی زیاتر بگەیەنن و ڕۆڵیان بەرچاو تربێت لە باشترکردنی جۆرێتی خوێندن.



راپۆرت/ کازم جەبار
وێنە: ڕێباز حەمەد

**گومان لەوەدا نییە، کە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی هەولێر کە سەر بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنە، هەمیشە لە هەوڵی چاککردن و نۆژەنکردنەوەی جادە و شەقامەکانی کوردستانە و ساڵانێکە گەلێک کاری باش و بەرچاویان ئەنجامداوە، لەمبارەیەوە ئەندازیار (کامەران شێروانی) بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی هەولێر سەبارەت بەو پڕۆژانە گوتی:**

## بەڕێوەبەری ڕێگاوبانی هەولێر:

# ژمارەیەک پڕۆژەی ڕێگاوبان بەڕێوەن

بەمەبەستی دروستکردنەوە و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری کوردستان لەبواری ڕێگاوبان لە سنووری پارێزگای هەولێر بۆ پلانی ئەم ساڵ ژمارەیەکی زۆر پڕۆژەی دروستکردنی ڕێگاوبان بەڕێوەن کە هەندێکیان لە قۆناغی ئامادەکاری و هەندێکی دیکەیان لە تەندەرێک دانە ئەویش بەمەبەستی زیاتر برەودان بەو گەشە ئابوورییەی کە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە بۆ گەیاندن و گواستنەوەی هاووڵاتییان و کاڵاکانیان بەشێوەیەکی خێرا و دروست و پێشخستنی کەرتەکانی بازرگانی و گواستنەوە و (کشتوکاڵ و گەشتوگوزار) و کەمکردنەوەی ڕووداوو کارەساتەکانی هاتوچۆ، ئەم پڕۆژانە لەم نزیکانە دەست بەکارکردنیان دەکرێت کە بەشێکیان بریتین لە پڕۆژەکانی چاککردن و دروستکردنی ڕێگاوبانەکانی کوردستان هەر لە هەولێر و کۆیە و باڵەکایەتی و شەقڵاوە هیزۆپ و تادەگاتە خەلیفان و زرارەتی و هەموو ئەو شوێنانەی کە پێویستییان

بەرێگاوبان هەیە، هەندێک لەو پرۆژانەش بریتین لە:

١- تەواوکردن و فێرکردنی رێگای رەشدوور-قەسرێ-گۆجاڕ.

٢- دروستکردنی دوورگەی ناوەڕاست بۆ رێگای جووت سایدی (شاوێس-خانزاد).

٣- دروستکردنی چەند رێگایەک لە دەڤەری باڵەکایەتی.

٤- دروستکردنی رێگای ماونان-سەرکان.

کۆمەڵێک پرۆژەی رێگای دیکە ئێستا لە قۆناغەکانی جیاجیاو جێبەجێکردنن و بەردەوامن کە بەشێکیان لەسەر بودجەی وەزارتن و ئەوانی دیکە لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاری هەولێرن کە بریتین لە:

أ- پرۆژەکانی ژێر ئەنجام (لەسەر بودجەی وەزارەتی دارایی) کە کۆی گشتی تێچوونیان (٧,٩٨٧,٩٧٧) ملیار دینارە.

ب- پرۆژەکانی ژێر ئەنجام (لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر) کە کۆی گشتی تێچوونی (١٠,٢١٤,٣٣٠,٠٠٠٥) ملیار دینارە.

هەر لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر هەردوو تیمی فارشەی کارگەی قیرِی قەتەوی و کارگەکانی قیرِی (مارینی)و (ویبار) لەبەستۆڕە لە چوارچێوەی هەڵمەتێکی فراوانی قیرِتاوکردن لەناو شاری هەولێر و دەوروبەری بەردەوامن لەقیرِتاوکردنی گەڕەکەکانی شار:

١- کارگەی قیرِی قەتەوی ئێستا خەریکی قیرِتاوکردنی شەقامە ناوخۆییەکانی گەڕەکی ژیان کە بەبڕی زیاتر لە (١٤٠٠٠٠) مەتر دووجا دەبێت خەڵکەکەی لەبەر خۆڵ و تۆز و قوڕاو شەقامەکانیان لەبار و گوزەرانێکی نالەباربوون کە پاش چەند رۆژێکی دیکە کارەکانی قیرِتاوکردنی گشتی شەقامەکانی ئەم گەڕەکی بە ئەنجام و جێی دڵخۆشی تەواوی هاووڵاتیانی ئەم گەڕەکەیە.

٢- کارگەی قیرِی بەستۆرە و تیمی فارشەکەی دوای تەواوبوونی قیرِکردنی شەقامەکانی کۆمەڵگای لاوان ئێستا خەریکی دووبارە قیرِکردنەوەی شەقامەکانی گەڕەکی راپەڕینە بەچینی دووەم، لە هەمانکاتدا کارگەکانی قیرِی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان هاوکاری قیرِتاوکردنی شارەوانی دەکەن لە قیرِتاوکردنی دوو سایدی رێگای شۆڕش کە تەواوی تێکەڵەی قیرِی لەلایەن کارگەی قیرِی بەستۆڕە (مارینی) دابین بکرێت، هەروەها هاوکاری تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاککردنەوەی پاراستنی رێگاوبانی هەولێر دەکرێت لە قیرِتاوکردنی رێگای (حوجران-تەوسکە) و قیرِکردنی شەقامەکانی گەڕەکی هەولێری نوێ، ئەمەش جێگای خۆشحاڵییە بتوانین ئەم بڕە زۆرەی تێکەڵەی قیر بەرهەم بهێنین و ئەو خزمەتە زۆرە پێشکەش بە هاووڵاتییانی خۆمان بکەین.

